

# . . ئۆکتاڤیۆپاز . .

ئا: عیسا چیایی

ئۆکتاڤیۆباز، شاعیر و چیرۆکنووسی مەکسیکی، ساڵی (١٩١٤) لە دایکێکی مەکسیکی وباوکێکی ئیسپانی لەمەکسیکۆ سیتی لەدایکبووە، بۆیە ڕەنگدانەوەی هەردوو ڕۆشنبیری کاری لە دروستبوونی کردووە. سەفەری پاریسی کردووە و سوریالیەکانی ناسیوە وبووە بە یەکێک لەوان، پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی لەڕووی سیاسییەوە پێشکەوتووە، ساڵی (١٩٤٤) ڕۆیشتووە بۆ ئەمریکا، پاشان لەساڵی (١٩٤٥) گەڕاوەتەوە بۆ پاریس تا پەرە بە هاوڕێیەتییەکی گەرموگوڕ بدات لەگەڵ برۆتۆنو هاوڕێکانیدا. ساڵی (١٩٦٢) دەبێتە باڵیۆزی وڵاتەکەی لەهند و وەکو کاردانەوەیەک بۆ ئەو قەسابخانەیەی کە لەخۆپیشاندانی قوتابیاندا ڕوویدا لەساڵی (١٩٦٨)لە مەکسیکۆی پایتەخت، ئەو ساڵەی لەزۆربەی پایتەختەکانی دنیادا شۆڕشی قوتابیان ڕوویدا دەست لەکار دەکێشێتەوە. .

ئەگەرچی ناوەکەی (پاز _paz) بەزمانی ئیسپانی بە مانای ئاشتی دێت، بەڵام مێژوونووسی گەورەی مەکسیک (ئەنریکی کراوس) لەئاهەنگی تێپەڕینی دەساڵ بەسەر مردنیدا دەڵێ: ((پاز پیاوی ئاشتی نەبوو، بەڵکو پیاوی جەنگ بوو، پیاوی جەنگێکی مەردانەی فکریی بوو، ئەو جەنگانەی کە بەهۆی تووڕەبوون وهەڵچوونەکانیەوە بەرپای دەکردن. تووڕەبوون لە فڕوفێڵی ئایدیۆلۆژیەکان، ئاژاوە، دەمارگیریی، باوەڕی خراپ و بەتایبەتی تووڕەبوونی لە درۆ. وەلێ هەڵچوونەکانی بۆ سەربەستی و بۆ ئەدەب بوون، بۆ ڕوونیی، بۆ ڕەخنە، بۆ ئەقڵ، و بەتایبەتیش بۆ حەقیقەت.

شارەزاییەکی قووڵی لە مێژووی ڕۆشنبیری وڵاتەکەیدا هەبوو، چەندین کاری تایبەتی بۆ مێژووی ئاڵۆزی مەکسیکی نووسیبوو. کەس لەو باشتر لە سروشتی مەکسیک و مەکسیکییەکان تێنەدەگەیی، هیچ هونەرمەند ونووسەرێکی مەکسیکی لەڕاستیدا هەستی بەکرۆک وئایندەی ئەو قووڵییە نەکردبوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تا لەژیاندا بوو بەشێکی زۆری سیاسییەکان دژایەتییەکی زۆریان دەکرد.

بابلۆ نیرۆدا پەیوەندی لەگەڵدا پچڕی، لەبەر ئەوەی ڕەخنەی لە ستالین گرتبوو، پاش ئەوە بەچەندساڵێک لەمەکسیک سووکایەتی بەکاسترۆ کردبوو و بەدیکتاتۆر ناوی بردبوو. ڕەخنەی لە نەبوونی سەربەستیی گرتبوو لەنیکەراگوا. جارێکیان ساڵی (١٩٨٤) خۆپیشاندەران وێنەی پازیان لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکادا سووتاند، وەکو نارەزایی دەربڕینێک بەرامبەر ئەو گوتارەی کە لە فرانکفۆرت خوێندبویەوە، کاتێ خەڵاتێکی گەورەی نێو دەوڵەتی لەلایەن کۆمەڵەی پەخشکار ونووسەرانی ئەڵمانییەوە وەرگرتبوو. وتبووی کە شۆڕشی نیکەراگوا لەدەرەوە لەلایەن سەرکردەکانیەوە نێردراوە و داوای هەڵبژاردنێکی ئازادی بۆ کردبوو، شیعری پاز دوو لایەنی تایبەتی گرنگی هەیە:یەکەمیان لەو سەرچاوە وبەها فکریو ستاتیکیانەوە هەڵدەقووڵێ کە شیعری ئەوروپی لێوە هەڵەقووڵاوە، و دووەمیان لەنێوان ئەو دوو بەهایەدا مەودایەک هەیە باوەشی بۆ پەیامی ژیاری کۆنی مەکسیک کردۆتەوە، و بەتایبەتیش شارستانیەتی مایا هەروەکو بیەوێ لەپێناو لەدایکبوونێکی ڕاستەقینەی ئەمریکادا داهێنانێکی ڕۆشنبیری لەنێوان ئەوروپا ومەکسیکدا دابهێنێ. هەربۆیە شیعری ئەو بەدوو ئاراستەدا نەش ونما دەکا، ئاراستەی یەکەمیان: ئەو ڕەگەزە سەرکیانەی ئەوروپای نوێی تیا دەردەکەوێ، کە تا ئاستێکی زۆر سوریالیەت ڕەنگرێژی کردبوو. و ئاراستەی دووەمیش:زیاتر وزیاتر بە کولتوری مایادا. .

بە دیرۆکی مەکسیک _زەمینی دەردەسەری خاکی موعجیزەشدا ڕۆ دەچێ، کە مرۆڤێکی تیا دەژی جیاوازە لەو مرۆڤە ئەوروپییەی کە ئەمێستا دەهریی بووە. و ڕەنگە گرنگترین هیواش بەلای ئۆکتاڤیۆپازەوە ئەوە بێت کە ئەو دوو نمونە مرۆڤە لەیەک نزیکبخاتەوە.

لەدیدارێکدا لەوەڵامی پرسیاری: ڕات چییە سەبارەت بە جەنگی خەلیج. . ؟

ئاوا وەڵام دەداتەوە: کێشەی خەلیج نمونەیەکە لە مەکیاڤیلیەتی دیموکراسیەکانی ئێمە. بەمانای ئەو مەکیاڤیلیەتە تەمەن کورتانەی کە شامبرلین و دالایی بۆ بەهێزکردنی هیتلەر ورۆزفلت وچەرچلیشی بۆ بەهێزکردنی ستالین هاندا، شتێکی هاوشێوە ڕوویدا، لە پشت گرتن وفرۆشتنی چەک وتەقەمەنی بەسەدام حوسێن. کوەیت بەدانپیانانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو عێراقیش خۆیەتی، وناکرێ بڵێین دەسکردی بەریتانیایە ئەگەر وامانوت هەمان بریار بۆ ئەردەن و چەند دەوڵەتێکی تری ناوچەکەش هەر ڕاستە، بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا لەڕابردوودوا لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، ویستیان ڕژێمێکی تازە دابمەزرێنن، هەردوێنێ بوو لەدژی ئێراندا یارمەتی عێراقیان دەدا، بەوەش ترس ومۆمیاکراوێکی گەورەیان دروستکرد. هەمانشت ڕوویدەدا گەر یارمەتی ئێرانیشیان بدابایە. ئێستا پێویستە چارەسەرێکی سیاسی درێژخایەن بدۆزینەوە لە وێران نەکردنی عێراقەوە دەستپێبکات، پاشان داماڵینی چەکەکانی سەدام حوسێن، لەکۆتاییشدا بەدۆزینەوەی چارەسەرێکی یەکسان بۆ تەنگ وچەڵەمەکانی ناوچەکە کە مافی فەلەستینیی ولوبنانی وکوردەکان لەبەر چاو بگرێ، ئەوانەی کە هەمیشە لەبیریان دەکەین.

شیعری ئەو وادیارە لە فۆرم وئاوازە جیاکانیەوە، وەکو کاری دامەزراندنێکە بە بەردەوامی دادەمەزرێتەوە ولەو دامەزراندنەشدا شاعیر لەدوو شتدا چڕ دەبێتەوە: مرۆڤ و واقیع لەلایەک و مرۆڤ وواقیعەکەی خۆی لەلاکەی ترەوە بۆ یەک مەرام،

ئەویش دروستکردنی ئەو مرۆڤەیە ودروستکردنی
واقیعی ئەو مرۆڤەش. .
دوو جەستە
.... دوو جەستەی بەرامبەر
هەندێ جار دوو شەپۆلن. . و
شەویش بەدەوریاندا. . زەریایە. .

***

دوو جەستەی بەرامبەر
هەندێ جار دوو ئەستێرەن. . و
دەڕژێنە ئاسمانێکی بەتاڵەوە. . . . .

لەدیوانە شیعریەکانی: بـەردی هـەتـاو، چامە هەڵبژێردراوەکان، بۆچوونگەلێک، و لەکتێبەکانیشی: تووناوتوونەکانی گۆشەگیریی، پاز. یان ڕۆژ..؟ کلۆد لیڤی شیتراوس، ڕەوتـی چۆنایەتی، ئەو شتانەی دەتبەستنەوە وجیاشت دەکەنەوە، کەوان وقیسارە.

قورسایی شیعری ئەو زیاتر لەپانتایی هەستدایە، دەڵـێ: شیعر سـۆزی منە وکاریشم ئـەدەبـە هیچ کەسێکیش بۆی نییە دەست لەکاری داهێنانم وەربدا، بێگومان من یەکێک نیم لەوانەی کە گوێ نادەن بەو ڕووداوانـەی کە بەدەوروبەرمانەوە ڕوو دەدەن، کێش دەتوانێ ئاوابێت. . ؟

هـەر لـەبـارەی شیعرەوە دەڵـێ: (مـرۆڤ نیوە ون بوویەکە، بۆیە هەمیشە لەدوو هەوڵدا، لەدوو ئەزموونندا، بەدوای زاتی خۆیدا دەگەڕێ: ئەزموونی شیعریی وئەزموونی ئەڤینیی، لەوەشەوە تێدەگەین کە زۆری شیعرە ئەڤینیەکانی پاساوی ئەم بیروباوەڕەن، تا ئاستی ئەوەی کە لە ئەدەبی جیهانیدا پاز بەیەکێک لە گەورە شاعیرانی خۆشەویستی ڕیزبەند دەکرێت و ئەوەش بەڕوونی دەبینرێت کە لەوەدا شاعیری فەڕەنسی پۆل ئێلوار کاری تێکردووە.

بەشێکی کـەم لەبەناوبانگترین چامـەی پاز، (بەردەی هەتاو. )

... ئەڤینداری هەوڵدانە،

کە دوو جەستە ئاوێزانی یەکتری دەبن، جیهان دەگۆڕێ، ئارەزووەکان بەرجەستە دەبن،

فکر بەرجەستە دەبێ، دووباڵ بەسەر دوو قۆڵی بەندەکەوە دەڕوێ، جیهان دەبێتە بارستەیەکی ئازاد وهەست پێکراو

شەراب بە شەراب و ئاو دەبێتەوە بە ئاو ونانیش تامی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەڤینداری هەوڵدانە، کردنەوەی دەرگایە

بەرپەرچدانەوەی ئەوەیە کە تارماییەکی ژمارەدار بیت و

لەلایەن کەسێکی بێ ڕوومەتەوە

مەحکوم بیت بە کاری هەمیشەیی قورس

ئەو دەمەی دوونیگا ئاڵوگۆڕ دەکەن ویەکتر دەناسن، جیهان دەگۆڕێ. .

ڕەنگدانەوەی ئەو میتودەی تایبەتەی خۆیەتی لەمەڕ شیعرێتی پەیوەندی. ئەو میتۆدەی هەوڵ بۆ تێکدانی گۆشەگیری و گەڕانـەوەی کەینونەی ئینسانیی دەدات. ساڵی (١٩٩٠) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە،

دەمەوبەیانی ڕۆژی (١٩)ی نیسانی (١٩٩٨)ە بوو، کاتێ سەرۆکی ئەرجەنتینی ئەوکاتە ئەرنستۆ سیدیۆ فەرمانیدا بە فڕۆکە تایبەتیەکەی خۆی کە خێرا بگەڕێتەوە بۆ مەکسیک، بۆ ئەوەی هەواڵی مەرگی شاعیری مەکسیکی ئۆکتاڤیۆپاز ڕابگەیەنێ. مردنی ئەو نووسەرە مەکسیکییەی کە ساڵی (١٩٩٢) خەڵاتی نۆبڵی لەبواری ئەدەبدا وەرگرتووە و بەهۆی سەرەتانی ئێسکەوە کۆچی دوایی کرد، مردنی ئەو نووسەرە کاردانەوەیەکی وای دروستکرد کە وڵات لە حاڵەتێکی شڵەژانی وادا بژی وەکو ئەوەی وڵات لە دوای ئەو بەبێ ئـەو سـەرکردە ڕۆشنبیریەی کەلەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لە هەمووان زیاتر کاریگەری هەبووە، بەبێ ئەو هەتیو بکەوێ.

سەربەستیەکی مەرجدار

.. لەوێ کە سنوورەکانی سەربەستی دێتە دیماهی، ڕێگەکان کوێر دەبنەوە. و بێدەنگیی دەستپێدەکات. لەسەرخۆ دێمە پێش و. شەو بەئەستێران، بەوشەکان ئـاوەدان دەکەمەوەو بەهەناسەدانی ئاوێکی دوور کەلەدەمی کازیوەدا چاوەڕوانمە.

هاوەمییەک دادەهێنم، ئەو شەو و ڕۆژەی کە لە نوێتی بەردینی بیدار دەبێتەوەو بە دوو چاوی ڕوونەوە بەجیهانێکی لەگیران نەهاتوودا دەسوڕێتەوە. ئانیشک بەسەر هەور ودار، بەسەر بەرد وزەریادا دادەدەم. بەدالغەی دلخۆشییەوە —داهێنانگەلێک لەبەرچاو ون دەبن و لەبەرامبەر ڕووناکییەکی کزۆڵەدا خاو دەبنەوە. .

.. و دوای ئەوە، کێوە ڕووتەکان، بەیار وکوخی قوڕینی وشکەوەبوو، وشتە ناشیرینەکانیتری (بیریۆ) ـش. و چەند منداڵێکی گەمژە بەرد بارانم دەکەن، ئاواییەکی کیناوی شتم بەدەمەوە هەڵئەواسێ، تۆقین دادەهێنم، هیوا وباڵندەیەکی کۆچەر —یان وڕینەکانی ڕۆژ، وژنگەلێک بۆماوەی چەند کاتژمێرێ عاشقەکانی خۆیان دەخەسێنن، وچەنەبازێی ڕووناکیی.

گەرمایی. و. وەڕین دادەهێنم، خۆ وروژاندن لەئاودەستەکاندا، خەون بینین لەسەرەنوێڵکەکاندا، بەندیخانە، قۆلانچە بۆ مرۆڤ وکەڕووش بۆ ڕووەکەکان، شەڕ لەپێناو شۆربادا، غەیبەتکردن، ئاژەڵە لینجە پیسەکان، لێکۆڵینەوەکانی شەوان، ئەزموونی قورسی ویژدانی قازی وکەسی قوربانی و گەواهیشە، تۆ کە یەکێکی لەو سیانە، ئێستا بۆ کێ دەست پێدەکەیت و بە چ دەمەقاڵێیەکی بەتاڵ دەتەوێ ڕکابەرەکەت بڕووخێنی، ئەو کەسەی کە تۆمەتبارت دەکات؟

بێهوودەیە یادگاری بەزەیی پیاهاتنەوەو تاریکیی و پاکانەش. بێهوودەیە ڕێگە بۆ دەرگا داخراوەکان. ڕێگە نین بەڵکو ئەوانە ئاوێتەن. بێهوودەیە چاو داخستن. و گەڕانەوەیەکیش

نییە بۆ ڕیزەکانی خەڵک: ئیتر ئەم بێگەردییە جێمناهێڵێ. ئاوێتەکان ورد وخاش دەکەم و ئەو وێنەیەی خۆشم دەدڕێنم کەدووبارە هاوبەشە زەمکارەکەم بەرجەستەی دەکاتەوە، بەپیرۆز ڕاگرتنی هەموو بەیانییەک. گۆشەگیریی هەست وهەست بەگۆشەگیری کردن، ڕۆژێک لە گەڵ نان و ئاو و شەوێکیش بێ ئاو، وشکانیی. کێڵگەیەک کە خۆرێکی بێپێڵوو داگیری دەکات. چاوێکی بەهێز، هەستگەلێک، ئێستایەکی تەنک کە ڕابوردوو ئایندەی بەبێ ڕەنگدانەوە و بێ تکای تیا دەسووتێ، هەموو شتێ دەڕژێتە ئەم هەمیشەییەوە کە دەڕژێتە نا جێگەییەوە.

لەوێ کە ڕێگەکان کوێر دەبنەوەو بێدەنگی دێتە دیماهی. بێئومێدیی دادێنم، ئەو ڕۆحەی کەمنی پێیە وئەو دەستەش کە وێنەم دەکێشێ، ئەو چاوەی کەمنی دۆزیەوە. ئەو هاوڕێیە دادێنم کە من دادەهێنێ، ئەوەی کە وەک منە و ژن و پێچەوانەکەشمە. ئەو تاوەرەش کە ئاڵاکانی جەنگی پیا هەڵدەواسم، شوورایەک کە کەفی من ئابلوقەی داوە، شارێکی وێران بوو. . ورد. . ورد. . لەبەرچاوم زیندوو دەبێتەوە.

دژ بە بێدەنگیی ودژ بە ئاژاوەش، وشەیەک دا دەهێنم.. سەربەستییەک هەموو ڕۆژێ خۆی و منیش دادەهێنێ. .

ژێدەر: {١}/- .http://social. subject-line com/montada

{٢}/- أوكتافيوباث. . حريه مشروطه. . ثلاث مجموعات شعريه. .

ترجمه: محمد على اليوسفى. . ص (١١-٩)